# الاستقلالية والتواصل الذكي بين الأطفال في سن الرابعة (المستوى ١) في رياض الأطفال بوسط محافظة أربيل

م.م. رازاو ابوبكر على
Razaw.Ali@su.edu.krd
م.م. سەناريا عبدالرحمن صديق
sanaria.sedeeq@su.edu.krd
قسم رياض الأطفال ,كلية التربية الاساسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، كردستان، العراق

**الكلمات المفتاحية**: الاستقلالية، الذكاء، الأطفال، رياض الأطفال.

**كيفية اقتباس البحث**
على , رازاو ابوبكر , سەناريا عبدالرحمن صديق, الاستقلالية والتواصل الذكي بين الأطفال في سن الرابعة (المستوى ١) في رياض الأطفال بوسط محافظة أربيل,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آب ٢٠٢٦ ,المجلد:١٦ ,العدد:٨ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered** **مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed** **مفهرسة في**
**IASJ**

# Independence and Intelligent Communication Among Four-Year-Old Children (Level 1) in Kindergartens in Central Erbil Governorate

**Razaw Abubakr Ali**
Razaw.Ali@su.edu.krd
**Sanaria Abdulrahman Sedeeq**
sanaria.sedeeq@su.edu.krd
**Department of Kindergarten, College of Basic Education, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan, Iraq**

**Keywords** : Independence, Intelligence, Children, Kindergarten.

**How To Cite This Article**
Ali , Razaw Abubakr , Sanaria Abdulrahman Sedeeq ,Independence and Intelligent Communication Among Four-Year-Old Children (Level 1) in Kindergartens in Central Erbil Governorate ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, August 2026,Volume:16, Issue 8.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract
**This research aims to:**
1. Identify the degree of independence among (four) years old kindergarten children according to gender.
2. Identify the level of intelligence among (four) years old kindergarten children according to gender.
3. Identify the relationship between the degree of independence and the level of intelligence among kindergarten children.

The researchers selected a representative sample of the population consisting of 50 children (33 boys and 17 girls) in the city center of Erbil. The researchers adopted the Independence Scale and administered the Wechsler Intelligence Scale. They used the Statistical Package for the Social Sciences (SPSS) and analyzed data including Pearson's correlation coefficient, analysis of variance (ANOVA), median, standard deviation,

and T-test.
Child development is a chain of independence development. A child receives independence from his mother from an early age to become a member of his family, then he receives that independence in kindergarten or school, making friends, and then this The scope of independence is expanding into society
The most important development of a child from an early age is the development of intelligence, behavior and knowledge about what he learns during the early years of life. Here, the family plays an important role in this development

**The research yielded the following results:**

1.Kindergarten children exhibit a degree of independence, with males exhibiting higher levels.
2.Kindergarten children possess a level of intelligence, with females exhibiting higher levels.
3. There is no statistically significant relationship between independence and intelligence.

## ملخص

**يهدف البحث الحالي إلى:**

١. التعرف على درجة الاستقلالية لدى أطفال الرياض بعمر (٤) سنوات تبعاً لمتغير الجنس.
٢. التعرف على درجة الذكاء لدى أطفال الرياض بعمر (٤) سنوات تبعاً لمتغير الجنس.
٣. التعرف على العلاقة بين درجة الاستقلالية ودرجة الذكاء لدى أطفال الرياض.

اختارت الباحثات عينة ممثلة للمجتمع الأصلي وتكونت من (٥٠) طفلاً وطفلة، بواقع (٣٣) طفلاً و (١٧) طفلة في مركز مدينة أربيل.
وتبنت الباحثات مقياس الاستقلالية، إضافة إلى ذلك طبقت اختبار الذكاء لـ (وكسلر)، واستخدمت الباحثات الحقيبة الإحصائية (SPSS) وتضمنت: معامل الارتباط بيرسون، تحليل التباين، الوسيط، الانحراف المعياري، واختبارT.Test .
يُعدّ نمو الطفل سلسلةً من مراحل تنمية الاستقلالية. يكتسب الطفل استقلاليته من أمه منذ الصغر ليصبح فرداً من أفراد أسرته، ثم يكتسبها في الروضة أو المدرسة، حيث يُكوّن صداقات، ثم تتسع دائرة استقلاليته لتشمل المجتمع.
إنّ أهمّ مراحل نمو الطفل منذ الصغر هي تنمية ذكائه وسلوكه ومعرفته بما يتعلمه خلال سنواته الأولى. وهنا، تلعب الأسرة دوراً هاماً في هذه المرحلة.
إن منح الأطفال الاستقلالية ومساعدتهم في هذا المجال يبدأ من السنة الأولى من حياتهم. فالأطفال بطبيعتهم يميلون إلى القيام بأمورهم الخاصة. والشيء الوحيد الذي يمكننا فعله في هذا المجال هو تشجيعهم، ومنحهم الفرص، ودعمهم لتحقيق طموحاتهم.

**وتوصل البحث إلى النتائج الآتية:**

١.توجد استقلالية لدى أطفال الرياض وكانت لصالح الذكور.
٢.يوجد لدى أطفال الرياض درجة الذكاء وكانت لصالح الأطفال الإناث.
٣.لا توجد علاقة ذات دلالة إحصائية بين الاستقلالية والذكاء.

# سەربەخۆیی و پەیوەندی بە زیرەکی لای منداڵانی تەمەن چوار ساڵی (ئاستی یەکەم) لە باخچەی منداڵان لە ناوەندی پارێزگای هەولێر

م.ی. رازاو ابوبکر علی
Razaw.Ali@su.edu.krd
م.ی. سەناریا عبدالرحمن صدیق
sanaria.sedeeq@su.edu.krd
بەشی باخچەی منداڵان – کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، کوردستان، عێراق

## پوختەی توێژینەوە

**ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی:**

١. نمرەی سەربەخۆیی لە لای منداڵانی تەمەن (٤) ساڵی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
٢. نمرەی زیرەکی لە لای منداڵانی تەمەن (٤) ساڵی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
٣. هەبوونی پەیوەندی لە نێوان سەربەخۆیی و ژیرمەکی بەپێی بەڵگەی ئاماری.

نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (٥٠) منداڵی باخچەی منداڵان لە تەمەنی (٤) ساڵی، کە ژمارەیان (٣٣) کوڕ و (١٧) کچ لە ناوەندی پارێزگای هەولێر.

توێژەران ئامرازی گونجاویان بەکارهێناوە بۆ پێوانەکردنی سەربەخۆیی دوای خوێندنەوەی کۆمەڵێک ئەدەبیات و ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پێشوتر ئامادەکراون، بە شێوەیەک کە برگەکانی سەربەخۆیی پێکهاتووە لە (٢٨) برگە. هەروەها لەگەڵ پێوانەکردنی سەربەخۆیی، تاقیکردنەوەی (ویکسلر) مان بەکارهێنا بۆ زیرەکی منداڵ (لایەنی زمانەوانی) بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆیی لەگەڵ زیرەکی، دەرئەنجامی توێژینەوەکە لە ڕێگەی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بەدەست هات کە پێك هاتبوو لە هاوکۆلکەی بەیەکەوە بەستنی پێرسۆن، لادانی پێوەری، جیاوازی ناوەند، و ئەلفاکرۆنباخ.(T.test)

**توێژینەوەکە کۆتایی هات بەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

١. منداڵان سەربەخۆییان هەیە بە ڕێژەیەکی کەم، بەڵام نمرەی سەربەخۆییەکە لە لای ڕەگەزی کوڕ کەمێک زیاترە وەک لە لای ڕەگەزی کچ.
٢. نمرەی زیرەکی لە لای منداڵانی ئەم تەمەنە (٤ ساڵی) بەرزە، بەڵام بە شێوەیەک کە لە لای ڕەگەزی کچ کەمێک زیاترە وەک لە لای ڕەگەزی کوڕ.
٣. پەیوەندی لە نێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆیی و زیرەکی هەیە ، بەڵام پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی زۆر لاوازە و واتایی نییە.

**کلیلە ووشە: سەربەخۆیی، زیرەکی، منداڵ، باخچەی منداڵان.**

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە

گەشەی منداڵ زنجیرەیەکە بۆ گەیشتن بە گەشەی سەربەخۆیی، منداڵ لە سەرەتای تەمەنیەوە سەربەخۆیی لە دایکی وەردەگرێت تاکو ببێتە ئەندامێک لە نێو خێزانەکەی، پاشان ئەو سەربەخۆییە وەردەگرێت لە نێو باخچەی منداڵان یاخود قوتابخانە بەجۆرێك هاورێ و برادەر پەیدا دەکات، دواتر ئەم بازنەی سەربەخۆییە فراوانتر دەبێت بۆ نێو کۆمەڵگا

(القوصي،١٩٨١، لا٣٣٥).

گرنگترین گەشەی منداڵ لە تەمەنی بچوکییەوە بریتییە لە گەشەکردنی عەقڵی و زیرەکی و ڕەوشتی و شارەزابوون دەربارەی ئەو شتانەی کە فێری دەبێت لە ماوەی ساڵانی سەرەتایی تەمەنیدا، لێرەدا خێزان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لەم گەشەکردنەی منداڵ (محمد، ٢٠٠٤، لا٩). وە دایک و باوکەکان هەڵەی گەورە دەکەن ئەگەر بێتو واز لە منداڵەکانیان نەهێنن کە بە ئارەزووی خۆیان بیربکەنەوە، بەڵکو دەستێوەردان لە هەموو بیرکردنەوەیەک و قسەکردن و یاریکردنیان بکەن، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە ترسیان هەیە لەسەر منداڵەکانیان بەجۆرێك دەیانەوێت پارێزگاریان لێ بکەن، کەچی لە ڕاستیدا ئەمە دەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی منداڵەکانیان بۆیە پێویستە لەسەر دایک و باوکان کە هاوسەنگی بپارێزن لەنێوان خۆشەویستییان و ترسیان، وە پێدانی سەربەخۆیی بە شێوەیەکی پلەدار، هەروەها هاندانی منداڵەکانیان.

پێدانی سەربەخۆیی بە منداڵان و یارمەتیدانیان لەم بوارەدا، لە یەکەم ساڵی لەدایکبوونییەوە دەستپێدەکات. منداڵان بە شێوەی سروشتی و غەریزی حەز دەکەن خۆیان کارەکانیان ئەنجام بدەن. وە ئێمە تەنیا کارێک کە دەتوانین لەم بوارەدا ئەنجامی بدەین ئەوەیە کە بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان هانیان بدەین و دڵگەرمیان بکەین و دەرفەتیان پێبدەین و پشتگیرییان بکەین (هاوس، ٢٠٠٩،لا٦٢).

بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن منداڵان ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە گەشەی بڕوا بەخۆبوون، لەبەر ئەوەی پێدانی خۆشەویستیی لەڕادەبەدەر یاخود بە پێچەوانەوە کەمی خۆشەویستی یان کۆنترۆڵکردنی منداڵ دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ و ململانێ لە ساڵەکانی داهاتووی تەمەنیدا (کونجر و آخرون، ١٩٨٦، لا٢٦٦ - ٢٦٧).

لێرەدا یەکەم کاری بڕوابەخۆبوون دەست پێدەکات بە بەراوردکردنی لەگەڵ کەسانی تردا بۆ هاندانی لە کارەکەی کە وای لێدەکات وردەوردە بڕوابەخۆبوونی زیاد بکات، تا وای لێدێت حەزێک لەلای دروست بێت بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانە و ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەریدان، وە بەکارهێنانی توانای بۆ دەستپێکردنی هەر کارێک بۆ خودی خۆی. ئەگەر بمانەوێت منداڵ بڕوای بە خۆی هەبێت، بەم شێوەیە بوارێکی پێدەدەین کە ئەو کارەی لە تواناییدا هەیە بیکات، وە ئەو هەستەشی پێدەدەین کە ئەو توانای هەیە بڕیار بدات لەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، وە ئازادیشی پێدەبەخشین لە قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە، لە نوستن و لە هەڵسانی لە خەو، و لە گەڕانەوەی بۆ ماڵ. لە هەمان کاتدا سنوورێکیش هەیە کە ناتوانێت بیبەزێنێت (عدس & مصلح، ١٩٩٩، لا٢٩).

لاوازی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و پشت بەستن بە کەسانی تر ڕەگێکی دەروونی بڵاوبووەوەی هەیە کە ئەو کەسایەتییە لە تەمەنی منداڵیدا دروست دەبێت تا تەمەنی هەرزەکاری و زۆربەی کات تا گەنجی. وە کەم و زۆری پەیوەندی هەیە بە ئاستی زیرەکی منداڵ و تواناکانی و پێگەیشتنی. ئەگەر بێتو منداڵ بەرپرسیارێتی پێ بسپێردرێت لە بازنەی خێزاندا ئەوا هەست بە خۆشی دەکات، وە هەندێک نەریتی سەرکردایەتی بەدەست دێنێت کە وای لێدەکات بەرپرسیارێتی زیاتر هەڵبگرێت و هەست بە سەربەخۆیی بکات (عیسوی، ١٩٨٥، لا ٦). بەڵام ئەگەر بێتو لە دەروونیدا بچەسپێنرێت کە ئەو کەسێکی لاوازە ناتوانێت پشت بە خۆی ببەستێت، وە هیچ کەسێکیش ناتوانێت پشت بە ئەو ببەسترێت، وە پێویستە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت، ئەوا کە گەورە بوو لە ڕووی دەروونییەوە دەشڵەژێ، وە هەست بە دڵتەنگی و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 8
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

فەشەلبوونەوە دەکات لە ژیان. وادەزانێت کە هیچ توانایەکی نییە بەرامبەر کێشەکانی ژیان بوەستێت و چارەسەریان بکات و سەربەخۆبوونی خۆیی لەدەست دەدات (الآلوسي و خان، ١٩٨٣، لا١٤٩).

باخچەی منداڵان بە قۆناغێکی فێربوونی زۆر گرنگ دەژمێردرێت بە شێوەیەک کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە زیادکردنی گەشەکردنی زیرەکی و تواناکانی منداڵ لە لایەنی عەقڵی و ڕەفتاری و هەست و سۆزی. منداڵ لە قۆناغەکانی باخچەی منداڵان پێویستی بە چاودێری تەندروستی و دەروونی هەیە. پێویستی بەوە هەیە کە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ ئامادە بکرێت، هەروەها ئامادەکردنی ئەو پرۆگرام و چالاکییانەی کە کاردەکاتە سەر زیرەکی و گەشەکردنی و ڕەچاوکردنی ئەو کاریگەرییانەی کە لە هۆکارەکانی بۆماوەوە دروست دەبن کە دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ فێربوون، هەروەها گونجاندن لەگەڵ کەسەکانی کۆمەڵگا لە ناوەوە و دەرەوەی باخچەدا (السعود، ٢٠١٠، لا١١).

باخچەی منداڵان وەکو خێزانی منداڵ چەند ڕۆڵێکی جۆراوجۆر دەگێڕێت بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێکی گرنگ، وە باخچە بەرپرسیارە لە هەموو شتێک کە منداڵ فێری دەبێت، وە هەموو لایەنێکی گرنگ و ئاراستەکراو کە پابەندە بە ڕەفتار و گەشەکردن و و زیرەکی هەر منداڵێک لەم قۆناغە هەستیارە لە ژیانیاندا. لەبەر ئەوەی مەبەست لە زیرەکی منداڵان تەنیا نمرەی بەرزی تاقیکردنەوەکان نیە، بەڵکو تێکەڵەیەکی ناوازەیە لە گەشەکردن و خۆ گونجاندن و پەرەپێدان و، هەروەها توانای گەڕان بۆ جیهانی دەوروبەریان بە شێوازی داهێنەرانە. هەموو منداڵێک بە مەیلی زگماکییەوە لەدایک دەبێت بۆ فێربوون، زیرەکییان لە ڕێگەی یاریکردن و گەڕان و کارلێکی بەردەوام لەگەڵ ژینگەکەیان لە قاڵب دەدرێت و پەرەی پێدەدرێت.

هەر بۆیە ئەرکی سەرەکی خێزان و باخچە بە شێوەیەکی گشتی پەرەپێدان بە پرۆسە فێرکاریی و کردارە پەروەردەییەکان و برەودان بە گەشە و ڕەفتارە ئەرێنیەکانی منداڵە لەبەرئەوەی پەیوەندیەکی بەردەوامیان لەگەڵ منداڵان هەیە (عدس & مصلح، ١٩٩٩، لا٢٦-٢٧).

لێرەدا کێشەی توێژینەوەکە سەرهەڵدەدات بە زانینی سەربەخۆیی لەلای منداڵانی تەمەنی (٤) ساڵی ئاستی یەکەم لە باخچەی منداڵان و تاقیکردنەوەی ئاستی زیرەکیان لە (لایەنی زمانەوانی)، هەروەها ئایا سەربەخۆیی لەلای منداڵانی ئەم تەمەنە پەیوەندی بە گۆڕاوی زیرەکی هەیە، یاخود نا؟

## ٢-١ گرنگی توێژینەوە

بواری منداڵان گرنگییەکی زۆری پێدراوە لە دەروونزانی، لەبەر ئەوەی قۆناغێکی زۆر بنەڕەتییە لە تەمەندا کە تێیدا هەندێک لایەنی بنەڕەتی لە کەسایەتی تاک دروست دەبێت و لەگەڵی بەردەوام دەبێت تا داهاتوو. (فرۆید) ئاماژە بەو قۆناغە گرنگە دەکات کە تێیدا کەسایەتی منداڵ دیاریدەکات، وە کاریگەرییەکانی داهاتوو لە کەسایەتی ئەگەر بێتو ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، بۆیە پێویستە گرنگی زۆر بدرێت بەو قۆناغە تاوەکو منداڵ بگاتە ڕێکەوتنێکی سەلامەت وە دروستبوونی کەسایەتییەکی بەهێز لەو کاتەی دەگاتە تەمەنی گەنجی (بنی یونس، ٢٠٠٥، لا ٢٣).

(ماسلۆ) سەربەخۆیی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کەسی تەواو لە کردارە دەروونییەکان دەژمێرێت. وە ئەو کەسەی کە جیادەکرێتەوە بە زیرەکی و گەڕان بەدوای شارەزاییەکانی و هەوڵی نوێ، ئەوا ئامانجەکانی چەسپاندنی خودی خۆیەتی بە شێوەیەکی بەردەوام (شلتز،

١٩٨٣، لا ٢٠٤). منداڵ گۆڕانكاری بەسەر دادێت بەهۆی كرداری پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی، بارودۆخی ژینگەیی فاكتەرێكی تری گرنگە بۆ گەشەی زیرەكی و پێشكەوتنی تاك، وە ئەمە بوارێک دەكاتەوە بۆ منداڵ كە بەشدار بێت لەو ژیانە كۆمەڵایەتییەی كە گونجاوە بۆ تەمەنەكەی (الآلوسي و خان، ١٩٨٣، لا ٣٧٢).

سەربەخۆیی وەكو یەكێک لە خاسیەتەكانی كەسایەتی بەهرەمەند و داهێنەران دەژمێردرێت. ئەمە دەركەوتووە لە دراسەكانی كارنس و ویری لە ساڵی ١٩٨٢ كە تێیدا قوتابیيە زیرەك و بەهرەمەندەكان خاسیەتێكی تایبەتیان هەیە كە جیایان دەكاتەوە لە قوتابییە ئاسایيەكان، كە ئەویش كۆنترۆڵكردنی خودی خۆیان و هەڵچوون و سەربەخۆییە (Karnas & Wherry، ١٩٨٣، لا ٣٠-٣١).

هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی هاندەرێكە لە هاندەرەكانی سەربەخۆیی لەلای منداڵاندا. منداڵ فێری هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی دەبێت لە ئاراستەكردنی ئەو ئەركانەی كە كە دایک و باوک دەیخەنە ئەستۆی، وە مامەڵەكردنی لەگەڵ ئەو كەسانەی كە پەیوەندیان پێی هەیە. وە ئەو كاتەی كە كرداری فێربوون بەردەوام دەبێت، منداڵان یارمەتیدەربن بۆ گەشەی ئەو هەستە كە ئەویش هەستكردنە بە بەرپرسیاریتی و مەشقكردن لەسەر ڕاهاتنی (عبدالمقصود، ٢٠٠٥، لا ٥).

لە لایەكی ترەوە دەبێت ئاگادار بین لە پشتبەستنی منداڵ بە خودی خۆی لە تەمەنی منداڵیدا، هەروەكو لە ئەنجامدانی هەندێك كاری سەرەتایی وەكو خواردن، بە تەنیا ڕۆیشتن بۆ جێگای خەوتنی خۆی، وە جل لەبەركردنی خۆی بە تەنیا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە ئێمە كەمتەرخەمین بەرامبەر منداڵ و گرنگی پێنادەین، لەبەر ئەوەی لەم تەمەنەدا دەتوانیت كۆمەڵێک كاروباری جێبەجێ بكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەوڵدانە بۆ پشت بەخۆبەستنی منداڵ لەم تەمەنە بچەكەیدا.

ژیان پێویستی بەوە هەیە كە لە هەموو قۆناغەكانی دا تاكەكەس بتوانێت بڕیار بدات. كرداری بڕیاردانیش دەست پێدەكات لە ساڵەكانی سەرەتای تەمەن تاوەكو قۆناغەكانی زۆر درەنگ لە ژیانیدا. كرداری بڕیاردان بە كردارێكی ڕەفتاری هەژمار دەكرێت كە ئاراستەی تاكەكەس دەكرێت لە هەموو لایەنەكانی ژیان دا. لە زۆر كات دا چەند هەڵوێستێک ئاراستەی دەكرێت كە پێویستە یەكێک هەڵبژێرێت (Charles, ٢٠٠٢، لا ٢٠).

لێرەدا گرنگی ئەو توێژینەوەیە دەردەكەوێت لەو بوارانەی كە هەوڵدەدات بیخاتەڕوو دەربارەی ڕەفتاری سەربەخۆیی، ئەویش كە بریتین لە پشت بەخۆبەستن و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و بڕیاردان. هەروەها بەهۆی ئەوەی كرداری پێشكەوتنی كۆمەڵگای ڕۆشنبیر پەیوەندی هەیە بە گەشەی زیرەكی و پێشكەوتن لە ڕێگای دەوڵەمەندكردنی ژیانی تاكەكان بەو هۆكارانەی كە دەبێتە هۆی زیادكردنی چالاكییەكانی عەقڵی وە گەشەپێدان بۆ كردنەوەی بوار لە پێش منداڵان كە خودی خۆیان دەربڕن بە شێوەیەكی ڕوون و دروست، بۆیە باشتر وایە دراسەی پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی و زیرەكی بكرێت لە ژیانی مرۆڤدا (الآلوسي و خان، ١٩٨٣، لا ٣٢٧)

بە كورتی بەگوێرەی ئەوەی كە لە پێشەوە هاتووە، دەتوانین گرنگی توێژینەوەكە دیاری بكەین وەک ئەمانەی خوارەوە:

١. گرنگی ڕەوشتی سەربەخۆیی لە ژیانی مرۆڤ و داهاتوویدا.

٢. گرنگی پشتبەستنی منداڵ بە خودی خۆی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی و توانای منداڵ بۆ بڕیاردان ئەگەر بتوانێت بڕیار بدات لەسەر ئەو هەڵبژاردنانەی كە تایبەتە بە ژیانی خۆی و

داهاتوویيدا.
٣.پێشکەشکردنی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی و زیرەکی دەردەخات.

**١-٣ ئامانجی توێژینەوە**

١. زانینی نمرەی سەربەخۆیی لە لای منداڵانی تەمەن ٤ ساڵ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
٢. زانینی نمرەی زیرەکی لە لای منداڵانی تەمەن ٤ ساڵ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
٣. دۆزینەوەی بوونی پەیوەندی لە نێوان سەربەخۆیی و زیرەکی بەپێی بەڵگەی ئاماری.

**١-٤ سنووری توێژینەوە**

توێژینەوەکە لە ناوەندی پارێزگای هەولێر ئەنجام دەدرێت لەسەر منداڵانی باخچەی منداڵان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٥-٢٠٢٦) تەمەنی چوار ساڵی.

**١-٥ دیاریکردنی زاراوەکان**

**١-٥-١ سەربەخۆیی**

- **گود (Good 1973)** سەربەخۆیی واتە پشتنەبەستن بە پشتگیری کەسانی تر، یان تاکەکەس توانایەکی تەواو ببێنێت لە خودی خۆیدا **(Good, 1973, p213)**.
- **الدسوقي (١٩٨٨)** سەربەخۆیی واتە توانای تاک بۆ هەڵسان بە کاری سەربەخۆ لە جۆرێکی دیاریکراو، یان توانای کەس لەسەر سەربەخۆبوون، ئەویش پێکهاتووە لە دەستپێکردن بە کارێک بە شێوەیەکی سەربەخۆ (الدسوقی، ١٩٨٨، لا ٧٠٩).

**١-٥-٢ زیرەکی**

- **بینێ (Binet 1905)** توانای لەسەر داهێنان و تێگەیشتن و بڕیاردانی ڕاست، وە ئاراستەکردنی ڕەوشتی ئامانجدار (نشواتي، ٢٠١١،لا ١٠١).
- **تێرمان (Terman)** زیرەکی بریتییە لە توانای تاک بۆ بیرکردنەوەی ڕووت و بەس (کەلهوڕ، ٢٠١٠،لا ٧١).
- **ویکسلر (Wechsler 1958)** توانای تەواوی تاک بۆ کارکردن لەسەر ئامانجێک و بیرکردنەوەیەکی لۆجیکی، وە کارلێککردنێکی سەرکەوتوو لەگەڵ ژینگەدا (نشواتي، ٢٠١١،لا ١٠١) .

**١-٥-٣ باخچەی منداڵان**

**پێناسەی (وەزارەتی پەروەردە، ١٩٩٤)** باخچەی منداڵان بە قۆناغی پێش قوتابخانەی سەرەتایی دادەنرێت کە تێیدا ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە تەمەنی چوار ساڵیان تەواو کردووە، یان ئەوەی لە کۆتایی ساڵی میلادی چوار ساڵ تەواو دەکات، وە نابێت تەمەنیان لە شەش ساڵ زیاتر بێت .ئەویش دابەش دەکرێت بۆ دوو قۆناغ: قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی ئامادەکردن .تێیدا ئامانجیان ئەوەیە کە منداڵان گەشەیەکی سەلامەت بکەن و کەسایەتییان پەرەبسێنێت لە لایەنی جەستەیی و عەقڵی، وە هەروەها لایەنی ویژدانی و ئەخلاقی بەگوێرەی

پێویستییەکانیان و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، تاکو ببێتە بنەڕەتێکی باش بۆ چالاککردنیان چالاککردنێکی دروست، وە هەروەها پەیوەندیکردنیان بە قۆناغی فێرکردنی سەرەتایی (هيئة رعاية الطفولة، ١٩٨٩، لا ٤١).

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

### ٢-١ چەمکی سەربەخۆیی

مەشقکردن بۆ بوون بە مرۆڤێکی ئازاد و سەربەست کارێکە هەر لە تەمەنی سێ ساڵییەوە دەست پێدەکات و منداڵ هەر لە سەرەتای ئەم قۆناغەوە خۆی هەوڵی بۆ دەدات (عەلی، ٢٠١٣، لا٤٨). ئارەزووی منداڵ لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کاتێک دەست پێدەکات کە توانای جووڵانەوەی هەیە دوور لە دەوروبەری، ئەمەش لە ڕێگەی ماسولکە و هەستەکانیەوە خۆی دەدۆزێتەوە. سەربەخۆیی ئامانجێکی سەرەکییە کە حەزی منداڵ دەجووڵێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی دەوروبەر و یارمەتیدەرە تا دەگاتە قۆناغی توانای پێویست. وە قۆناغی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی گرنگترین قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵە. تێکچوون و ڕێکخستنی باری دەروونی منداڵەکە لەسەر قۆناغەکانی سەربەخۆیی دەوەستێت، وە کەسایەتی خراپ یاخود ڕێک و پێکی منداڵ هەر پەیوەستە بە سەربەخۆییەوە. هەر بۆیە پێویستە کەس و کار و ژینگەی دەرەوەی منداڵ یارمەتیدەر بن بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەسایەتی (حريقە، ٢٠٠١، لا ٣٢).

### ٢-٢ تیۆری ئێریکسۆن

ئێریکسۆن لە ساڵی ١٩٦٥ ئەم تیۆرەی داهێناوە و پێی وایە پێشکەوتنی مرۆڤ دەرەنجامێکی ئاسایی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە. ئێریکسۆن لەو باوەڕەدایە کە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی بە هەشت قۆناغی گرنگ تێپەڕدەبێت. ئەم قۆناغانەش کەمتر بە سیستەمی ئەندامییەوە پەیوەستن، بەڵکو زیاتر بە فێرکردنەوە گرێدراون. بەواتای ئەوەی کە ئەو زیاتر جەخت لەسەر هۆکاری دەرەکی لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. ئێریکسۆن پێی وایە هەر قۆناغێک بریتییە لە قەیرانێکی دەروونی و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە پێش گەیشتن بە قۆناغی دواتر، ئەوانیش:

**یەکەم: قۆناغی متمانە بەرامبەر بێ متمانەیی (٠-٢) ساڵی شیرەخۆرە**

ئێریکسۆن لەم قۆناغەدا جەخت لەو پەیوەندییە دەکاتەوە کە لە نێوان دایک و منداڵ دایە لە ساڵی یەکەمیدا کە جۆرێکە لە متمانە. ئێریکسۆن منداڵێک کە لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆی سەر دەکەوێ جیادەکاتەوە لەگەڵ منداڵێک کە سەربەخۆیی خۆی دەدۆڕێنێت. پێی وایە ئەوەی یەکەمیان هەست بە ئارامی دەکات بۆ گوزارشتکردنی لە خودی خۆی، ئەمەش هەستێکی بەهێزی بۆ دروست دەکات لەسەر بڕیاردان. کەچی ئەوەی دووەمیان هەست بە سەرسوڕمان و گومان لە توانای بڕیاردانی خۆی دەکات، ئەمەش دەبێتە مایەی هەستکردن بە شەرمنی و بێتوانایی (الريماوي، ١٩٩٤، لا ١٤٨).

**دووەم: قۆناغی سەربەخۆیی بەرامبەر هەستکردن بە شەرمنی و گومان (٢-٤) ساڵی منداڵی زوو**


(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەم قۆناغەدا منداڵ فێری سەربەخۆیی دەبێت، ئەمەش لە میانەی ڕاهێنان لەسەر ئەرکە سەرەتاییەکانی وەکو خواردنی بە تەنیا و جل و بەرگ لەبەرکردن بەپێی نەریتەکان. گرنگی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە منداڵ هەست بە سەربەخۆیی بکات و ببێتە مایەی ئەوەی کە متمانەی بەخۆیی هەبێت نەک لەسەر گەورەکان. ئەو منداڵەی لەم قۆناغەدا مامەڵەی باشی لەگەڵدا بکرێت زیاتر هەست بە سەربەخۆیی دەکات و متمانەی بە خۆی دەبێت. بەڵام کاتێک لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سەرناکەوێت ئەوا هەست بە شەرمنی و گومان دەکات.

**سێیەم: قۆناغی دەستپێشخەری بەرامبەر بە هەستکردن بە تاوان (٤-٦) ساڵی ناوەندی منداڵی**

ئەم قۆناغە پێش چوونە قوتابخانەیە واتە باخچەی منداڵانە کە بە قۆناغی دەربڕینی کرداری لەبارەی هەستکردن بە سەربەخۆیی خودی دادەنرێت. دایک و باوک لێرەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن سەبارەت بە هەستی تاوان لەلای منداڵ، ئەمەش لە میانەی دڵنیابوون لە توندڕەوی بەرامبەر بە کاری ڕاست و هەڵە (http://investigate-islam.com).

**چوارەم: قۆناغی هەوڵدان بەرامبەر هەستکردن بە کەمی (٦-١٢) ساڵان درەنگانی منداڵی**

ئەم قۆناغە لە ساڵەکانی قۆناغی سەرەتاییەوە ڕوودەدات کاتێک کە جیهانی منداڵ لەم تەمەنەدا فراوان دەبێ و ڕووبەڕووی کاریگەری دایک و باوک و فشاری نوێی دەرەوەی ماڵ دەبێتەوە. هەر یەکە لە قوتابخانە و ماڵ هێزێکی نوێ بۆ بەڵگە و پێوەر و توانای مامەڵەکردن بەپێی ڕێساکان لەبری ڕەفتاری لەخۆوە بە منداڵ دەبەخشن بە مەبەستی گەشەپێدان و پێشخستنی، کوڕ لەم تەمەنەدا خانوو لە دار و درەخت دروست دەکات یان نموونەی فڕۆکە ساز دەکات. کەچی کچ چێشت لێدەنێت و دروومان دەکات (شلتز، ١٩٨٣، لا ٢١٨).

**پێنجەم: قۆناغی فێربوونی ناسنانە بەرامبەر تێکچوونی ناسنامە (١٢-١٨) ساڵان هەرزەکاری**

لەم قۆناغەدا هەرزەکار بەرەنگاری ململانێی دیاریکردنی ناسنامە دەبێتەوە، پرسیار لە خۆی دەکات "من کێم؟". کار لەسەر تاقیکردنەوەی چەندین ناسنامەی جیاجیا دەکات و بەدوای ناسنامە و ئارەزووی جیا دەگەڕێت. ئارەزووەکان پەیوەست دەبێ بە ڕەگەز و پیشەکەی، ئەوانەی هەرزەکار پەروەردە دەکەن دەبێ ئارەزوو و تواناکانیان بدۆزنەوە بۆ گەشەسەندنی کەسایەتییان. بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی نەرم و نیان لەگەڵ هەرزەکاردا بکرێت، ئەمەش بە شێوەیەک بێت کە نەبێتە مایەی دروستبوونی کەلێن لە نێوان منداڵ و دایک و باوک. وە هەرزەکاری سەرکەوتوو هەندێک دەستکەوت بۆ چەسپاندنی ناسنامەکەی بەدەست دێنێت، بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبێتە هۆی تێکچوونی ناسنامەکەی.

**شەشەم: قۆناغی فێربوونی هاوڕێیەتی گەرم و گوڕ بەرامبەر بە دووره پەرێزی (١٨-٣٠) ساڵان گەنجی**

لەم قۆناغەدا گەنج حەز بە دروستکردنی هاوڕێیەتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەکات. لە دیدی ئێریکسۆنەوە پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەویتردا داواکاری ناسنامەی کەسایەتییەکی ئارامە، بە پێچەوانەوە تاک دەچێتە جیهانی تەنیاییەوە.

**حەوتەم: قۆناغی بەرهەم بەرامبەر نقووم بوون لە خود یان مانەوە (٣٠-٥٠) ساڵان پێگەیشتوو**

لە قۆناغی گەنجایەتی و گەشەسەندندا داوای بەرهەم دەکرێت، یا هاوسەرگیری یاخود باوکایەتی و کارکردن و داهێنان و بەرهەمهێنان لە بەرزترین ئاستدا. لێرەدا مەبەست لە بەرهەم

بریتییە لە چۆنیەتی بەخشین بە ئەویتر.

**هەشتەم: قۆناغی فێربوونی پێگەیشتن بەرامبەر بە نا ئومێدی (٥٠ تاوەکو مردن) پیربوون**

ئەم قۆناغە بەرهەمی قۆناغەکانی ڕابردووە، ئەگەر بە سەرکەوتوویی تێپەڕێت ئەوا تاک دەگاتە لووتکەی خۆگونجاندن یان تەواوکاری. ئەو ئێستا متمانەی بە خۆی هەیە و هەست بە سەربەخۆیی دەکات و تێڕوانینێکی باشی بەرامبەر بە خۆی هەیە و هەست بە شانازی دەکات بەوەی کە داهێنەرە. بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان و قۆناغەکانی پێشوودا، ئەوا هەست بە نائومێدی دەکات.

بەم شێوەیە دەبینین ئێریکسۆن بایەخی بە هۆکاری دەرەکی و کاریگەری لە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی کۆمەڵایەتی داوە، ئەمەشی بە پرۆسەیەکی گەشەسەندووی هەرەمی داناوە. هاوکات بەدەستهێنانی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی ئاساییکردنەوە، لەسەر ماوەی بەدەستهێنانی قۆناغەکانی ڕابردوو وەستاوە (http://investigate-islam.com).

## ٢-٣ چەمکی زیرەکی

تێگەیشتن لە چەمکی زیرەکی و دیاریکردنی بەپێی ڕاو بۆچوونی زانا و پسپۆڕان لە لایەک و پێوەری کۆمەڵگا و سەردەم جیاوازە. زۆر جار زوو تێگەیشتن لە بابەتەکان و کارتێکەرە ژینگەییەکان و وەڵامدانەوەی دروست بەرامبەریان بە زیرەکی دادەنرێت، یان توانای چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکان و پلان و نەخشەدانان بۆ بابەتێکی دیاریکراو بۆ توانای زیرەکی ئەو کەسە دەگەڕێندرێتەوە (جەمال، ٢٠٠٦، لا ٦٦).

زیرەکی چەمکێکی ئاڵۆز، بەرفراوان و هەمەلایەنەیە بە قەدەر ئەو بەرفراوانی و ئاڵۆزیی پرۆسە عەقڵییانەی کە بەشداری تێدا دەکەن. زیرەکی چەمکێکی شاردراوە و ناوەکییە و لە ڕێگەیەوە وەسفی ڕەفتار و هەڵسوکەوتە دەرەکییەکانی پێدەکەین (قەرەچەتانی، ٢٠٠٧، لا ٢٧٨). هەروەها چەمکی زیرەکی چەمکێکی نوێیە و تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم وا سەیری زیرەکی دەکرا کە توانای بەدەستهێنانی زانیارییە و لەگەڵ هەڵوێستە نوێیەکان یەک دەگرێتەوە و بە توانای چارەسەرکردنی کێشەکان لە قەڵەم دەدرا. پاشان ئەم چەمکە پێشکەوتنی بەخۆوە بینی بە تایبەتی دوای پێشکەوتنی پێوەری زیرەکی، ئەمەش دوای ئەوە هات کە چەند زانایەک پەیدابوون و هەوڵەکانی خۆیان خستە گەڕ بۆ توێژینەوەی زیرەکی بە شێوەیەکی زانستی کە سوودی لە زانستی ئامار و ماتماتیک و دواجار لە پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر وەرگرتووە (الحلو والعكروتي، ٢٠٠٤، لا ١٣٧).

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەتاکو ئەمڕۆش مشتومڕ و بگرە و بەردەیەکی زۆر دەربارەی چەمکی زیرەکی هەیە و زانایان لە نێوان خۆیاندا لەسەر پێناسەیەکی سەرانسەری هەمەلایەنە ڕێکنەکەوتوون. هەر لەبەر ئەوەشە چەندەها پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە و هەندێک جار نەک پێناسەکان دوورن لە یەکەوە بگرە دژ بە یەکیشن، کە ئەمەش زیاتر بۆ جیاوازی فەلسەفی و ئایدۆلۆژیای زاناکان دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەک هەندێک لە زانایان لەو بڕوایەدان کە سەرچاوەی سەرەکی زیرەکی بۆماوەییە و زیرەکی توانستێکی بۆماوەییە و لە ڕێگەی کرۆمۆسۆم و جینایەتی تایبەتییەوە لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە. بەڵام لە بەرامبەر ئەواندا، ژمارەیەکی تر لە زانایان لەو بڕوایەدان کە زیرەکی پەیوەستە بەو ژینگە و دەوروبەرەی کە منداڵ تێیدا دەژی و ڕۆڵی بۆماوە زۆر کەم و لاوازە (قەرەچەتانی، ٢٠٠٧، لا ٢٧٧).

### ٢-٣-١ تیۆری ثرستۆن

زانای ئەمریکی لویس ثرستۆن لە ساڵی ١٩٣٨ گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ناکرێ تەوەرەی زیرەکی لە چەند هۆکارێکدا چڕ بکرێتەوە، بەڵکو لە حەوت توانای عەقڵی سەرەتاییدا کۆدەبێتەوە. وە تیۆری توانای عەقڵی سەرەتایی پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەتوانرێ دەستکەوتەکانی قوتابی لە باخچە و قوتابخانەدا لە میانەی درککردنی کۆمەڵێک تواناوە شیبکرێتەوە کە ئەم توانایانە حەوتن. بۆ نموونە قوتابییەک لە وەرگرتن و دەربڕینی باش سەرکەوتوو بێت، ئەوا لە زمانی ئینگلیزیدا زیرەک دەبێت، یان قوتابییەک لە ژماردن سەرکەوتوو بێت ئەوا لە ماتماتیکدا داهێنەر دەبێت (نوفل، ٢٠٠٧، لا ٤٥).

لە لە کۆتاییدا ثرستۆن درکی بە کۆمەڵێك توانای عەقڵی سەرەتایی کرد، ئەوانیش ئەمانەن:

*توانای زمانەوانی: واتە تێگەیشتنی مانای وشەکان.

*دەربڕینی زارەکی باش: واتە بیرکردنەوە و دەربڕینی ووشە بە خێرایی.

*توانای ژماردن: واتە چارەسەرکردنی ژمارەکان بە خێرایی.

*توانای شوێنی: واتە تێڕوانین و سەرنجادانی شتەکان یاخود کەرستەکان پاش ئاڵو گۆڕکردنی شوێنەکەی.

*توانای بیرهێنانەوە: واتە گەڕانەوە بۆ ئەو شتەی کە فێری بووین.

*توانای خوێندنەوە و بەڵگەهێنانەوە: واتە لێکۆڵینەوە لە زانیاری ڕاست و دروست.

*توانای درککردن: واتە بەراوردکردن و جیاکردنەوەی شتەکان (علیوات، ٢٠٠٧، لا ١٦).

## بەشی سێیەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە

### ٣-١ ڕێبازی توێژینەوە

توێژەران ڕێبازی وەسفیان بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە چونکە دەگونجێ لەگەڵ سروشتی ئەم توێژینەوە، بەشێوەیەک کە دەتوانێ بەو ئامانجە بگات کە هاوکارە لە بەرەو پێشبردن وباشترکردنی توێژینەوەکە.

### ٣-٢ کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە پێک دێت لە منداڵانی باخچە تەمەنی (٤) ساڵی ئاستی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٥-٢٠٢٦ لە ناوەندی شاری هەولێر کە ژمارەیان (٥٧٤٥) منداڵە ، (٢٩٢١) منداڵی کوڕ و ، (٢٨٢٤) منداڵی کچ ، هەروەك لە خشتەی ژمارە (١) زیاتر ڕونکراوەتەوە.

| باخچەکانی منداڵان | منداڵی کوڕ | منداڵی کچ | ژمارەیان بە گشتی |
|---|---|---|---|
| ٣٧ | ٢٩٢١ | ٢٨٢٤ | ٥٧٤٥ |

خشتەی ژمارە (١) ڕوونکردنەوەی کۆمەڵگای توێژینەوە

### ٣-٣ نمونەی توێژینەوە

نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (٥٠) منداڵی کچ و کوڕ لە (١٠) باخچەی منداڵان ، توێژەران نموونەی توێژینەوەکەیان بە گونجاو زانی بۆ بەدیهێنانی ئامانج و دەرئەنجامی توێژینەوەکە، هەروەها جێبەجێکردنی پێوانە و تاقیکردنەوە لەسەر منداڵان بەشێوەی تاقیکردنەوەی تاکە

کەسی بوو، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) ناوی باخچەی منداڵانی وەرگیراو وەک نمونەی توێژینەوە ڕووندەکاتەوە.

| ژ | ناوی باخچەی منداڵان | منداڵی کوڕ | منداڵی کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی منداڵانی لاولاو | ١١ | ٦ | ١٧ |
| ٢ | باخچەی منداڵانی ساکار | ٤ | ١ | ٥ |
| ٣ | باخچەی منداڵانی ڕووناکی | ٣ | ٢ | ٥ |
| ٤ | باخچەی منداڵانی برایەتی | ١ | ٠ | ١ |
| ٥ | باخچەی منداڵانی ئەوین | ١ | ٠ | ١ |
| ٦ | باخچەی منداڵانی چەم | ٢ | ٢ | ٤ |
| ٧ | باخچەی منداڵانی ڕەنگین | ٣ | ٢ | ٥ |
| ٨ | باخچەی منداڵانی چاوان | ٥ | ٣ | ٨ |
| ٩ | باخچەی منداڵانی مێلاق | ١ | ٠ | ١ |
| ١٠ | باخچەی منداڵانی ئازادی | ٢ | ١ | ٣ |

خشتەی ژمارە (٢) ڕوون کردنەوەی نمونەی توێژینەوە

### ٣-٤ ئامرازەکانی توێژینەوە

### 3-4-1 پێوەری سەربەخۆیی

بۆ دیاریکردنی پێوەری سەربەخۆیی توێژەران هەڵسان بە پێداچونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو و ڕاوێژی شارەزایان، دوای دڵنیابوونەوە لە دروستی ناوەرۆک و ڕوونی زمانەوانی و پەیوەندی بڕگەکان لەگەڵ نمرەی گشتی، پێوەری گۆڕاوی سەربەخۆیی دیاریکرا کە لە (٢٨) برگە پێک دێت، برگەکان سێ بوار دەگرنەخۆ ئەوانیش ( پشت بەخۆبەستن، هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی، بڕیاردان)، وە هەر برگەیەک سێ جێگرەوەی هەیە بۆ وەڵامدانەوە ئەوانیش (هەردەم ، هەندێجار ، هەرگیز) بە نمرەکانی (١،٢،٣) دادەنرێت بۆ برگە ئەرێنیەکان وە بە پێچەوانەوە دادەنرێت بۆ برگە نەرێنیەکان.

### 3-4-2 ڕاستی ڕواڵەتی پێوەری سەربەخۆیی

ڕاستگۆیی دەرەکی بە یەکێک لە پێوانەکانی سەربەخۆیی دادەنرێت (عبدالخالق،١٩٨٥،لا١٨٤). توێژەران برگەکانی پێوانەکردنی سەربەخۆییان خستە بەردەستی چەند شارەزایەکی دیاریکراو لە بواری پەروەرە و دەرونناسی بۆ هەڵسەنگاندن لە ڕووی گونجاوی و نەگونجاوی یاخود گۆڕانکار لە برگەکان ، لە کۆتاییدا (٩٠٪)ی برگەکان ڕێژەی پەسەندکردنی بەرزیان

هەبوو، هەندێکیشیان دەستکاریکران و بەشێکی کەمیشیان لە کۆتاییدا لابران.

**3-4-3جێگیری پێوەری سەربەخۆیی**

مەبەست لە چەمکی جێگیری بریتیە لە جێگیری نمرەی تاقیکردنەوەکان و ڕادەی بێ هەڵەیی کە وا پێوانەکردن پیشان دەدەن بە جۆرێك دووری پێوانەی تاقیکردنەوە بۆ پری ڕاستەقینە ئامانجێکی پێوانەکردنە، چونکە ژمارەی تاقیکردنەوەکان جێگیردەبن ئەگەر هاتوو مەبەست لە تاقیکردنەوە پێوانەکردنی شتێکی دیاریکراو بوو لە کەشێکی گوماناویدا. واتە جێگیری بەو مانایە دێت کە ڕێکخستن و وردیە لە پێوانەکردندا (علام،٢٠٠٠،لا١٣١).

لێرەدا جێگیری تاقیکردنەوە هەژمارکرا بە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوەکی بە جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی (الفا کرونباخ) کە هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەر گەیشتە (٨٣٪) کە نیشانەی ڕاستی جێگیریە و پێوەر شایستەی بەکارهێنانیەتی.

**3-4-5 تاقیکردنەوەی زیرەکی**

بە مەبەستی بەدەست هێنانی ئامانجی پەیوەندیدار بۆ دۆزینەوەی ئاستی زیرەکی ئەو منداڵانەی وەکو نموونەی توێژینەوە وەرگیراون، و زانینی پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی و زیرەکی توێژەران تاقیکردنەوەی (وکسلر) یان هەڵبژارد بۆ زانینی ئاستی زیرەکی (لایەنی زمانەوانی) منداڵانی تەمەنی چوار ساڵی ئاستی یەکەم لە باخچەی منداڵان ( Wechsler Intelligence Scale for children) کە کورتکراوەکەی ناسراوە بە (WISC) ، ئەم تاقیکردنەوەیە بە درێژکەرەوەی پێوانەی (وکسلر – بیفلۆ) بۆ گەورەکان دادەنرێت کە دەست پێدەکات لە بڕگەی ئاسان بەرەو بڕگەی ئاڵۆزتر کە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی ئاستی زیرەکی منداڵان (لایەنی زمانەوانی) لە تەمەنی (٤ تاکو ١٥) ساڵان (میخائیل،١٩٩٣،لا١٧٠). ئەم تاقیکردنەوەیە لەچەند بوارێك پێک دێت:

١- بواری زانیاری گشتی: پێک دێت لە (٣٠) بڕگەی یەک لە دوای یەک لە رووی ئاسانی و ئاڵۆزی کە پێک هاتووە لەو زانیاریە باوانەی کەوا رەنگدانەوەی لە رۆشنبیری منداڵن و هەندێک جار رەنگدانەوەی شارەزای و ژیانی رۆژانەی منداڵە.

٢- بواری تێگەیشتنی گشتی : پێک دێت لە (١٣) بڕگەی یەک لە دوای یەک لە رووی ئاسانی و ئاڵۆزی، کە توانستی منداڵ لەسەر هەڵوێستە رەفتارییەکان پێوانە دەکات، هەروەها توانای کۆنترۆڵکردن و دەربرینی زارەکی پێوانە دەکات.

٣- بواری هەژمارکردن : پێک دێت لە (١٦) بابەتی هەژمارکردن کە پێویست دەکات لەسەر منداڵەکە شیکاریان بکات بە شێوەیەکی زارەکی لە کاتێکی دیاریکراودا، کە ئەمەش توانستی منداڵەکە دیاردەکات لە رێکخستنی چەمکی ژماردن و مامەڵەکردن لەگەڵیان.

٤- بواری ووشەکان: ئەم تاقیکردنەوەیە پێک دێت لە (٤٠) ووشە کە لەسەر



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٨

منداڵەکە پێویستە مانای هەریەکێکیان شیبکاتەوە.کە ووشەکان بەشێکن لە ووشە گشتیە باوەکان کە لە ژیانی ئاسایی منداڵ بەکاردێت.
٥- بواری دووبارەکردنەوەی ژمارەکان کە پێک دێت لە دووبەش:
آ- دووبارەکردنەوەی دروست بۆ ژمارەکان: بریتیە لە پۆلێنکردنی ژمارەکان کە بە زنجیرە دەست پێدەکات لە (٣) ژمارە و کۆتایی دێت بە (٩) ژمارە ، لەسەر منداڵەکە پێویستە دوبارەیان بکاتەوە بەو شێوەیەی کە توێژەر دەیڵێت.
ب – دووبارەکردنەوەی ژمارەکان بە پێچەوانەوە : دەستپێدەکات بە زنجیرەیەکی (٢) ژمارەیی وە کۆتایی دێت بە (٨) ژمارە ، لەسەر منداڵەکە پێویستە ژمارەکان داپرێژیت بە پێچەوانەی ئەوەی کە توێژەر دەیڵێت.

## 3-4-6ڕاستی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەی زیرەکی

یەکەم: بواری زانیاری گشتی
توێژەران بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە ڕێکخستنی ناوەکی تاقیکردنەوەکە، هاوکۆلکەی بەیەکەوەبەستنی دووانی نێوان نمرەی هەر بڕگەیەک و نمرەی گشتییان هەژمارکرد. ئەنجامە ئامارییەکان دەریانخست کە سەرجەم بڕگەکان لە ڕووی ئامارییەوە ڕوون و گونجاو بوون، جگە لە بڕگەکانی (٢٨، ٢٩، ٣٠) کە لادانیان تێدا بەدی کرا.
دووەم: بواری تێگەیشتنی گشتی
لە پرۆسەی ڕاستی ڕواڵەتی تێگەیشتنی گشتیدا، هەمان ڕێکاری ئاماری بۆ دیاریکردنی هاوکۆلکەی بەیەکەوە بەستنی نێوان نمرەی بڕگەکان و کۆی گشتی بەکارهات. ئەنجامی شیکارییەکان سەلماندی کە سەرجەم بڕگەکانی ئەم بەشە (کە لە ١٣ بڕگە پێکهاتبوون) گونجانی ئاماریی تەواویان هەبووە و ئاستی ڕاستی ڕواڵەتیان بەرز بووە.
سێیەم: بواری هەژمارکردن
لە بڕگەی تایبەت بە توانای هەژمارکردن، شیکارییە ناوەکییەکان دەریانخست کە زۆربەی بڕگەکان لە ڕووی ئامارییەوە متمانەپێکراون. جگە لە بڕگەکانی (١٣، ١٤، ١٥ ، ١٦) هیچ جۆرە دیاریکردنێکی ڕوونی ئاماریان نیشان نەدا ، بۆیە بڕیاردرا کە ئەم چوار بڕگەیە لە تاقیکردنەوە کۆتاییەکە لابدرێن و دووربخرێنەوە بۆ پاراستنی دروستی ئەنجامەکان.
چوارەم: بواری ووشەکان
بواری ووشەکان لەم تاقیکردنەوەیەدا کە لە (٤٠) بڕگەی جیاواز پێکهاتووە، دەرکەوت کە تەواوی بڕگەکان بەستنەوەیەکی ئاماریی دروستیان لەگەڵ نمرەی گشتیدا هەیە و هیچ بڕگەیەک نیشانەی تێکچوون یان ناڕوونی پشان نەداوە.
پێنجەم: بواری دووبارەکردنەوەی ژمارەکان
تاقیکردنەوەی بڕگەکانی ئەم بەشەش لە ڕێگەی هاوکۆڵکەی بەیەکەوەبەستن نیشانی دا کە گشت بڕگەکان ڕوون بوون لە ئامار.

## 3-4-7جێگیریی بۆ تاقیکردنەوەی زیرەکی

لە توێژینەوە زانستیەکاندا، جێگیری ئاماژەیە بۆ یەک دەنگی لە ئەنجامەکاندا، واتە ئەگەر توێژەر پێوانەکە دووبارە بکاتەوە و هەمان ئەنجام بە دەست بهێنێت کەواتە ئاماژەیە بۆ جێگیری یان بوونی ڕێژەی پێوانەکرا، لێرەدا

توێژەران هەڵسان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە لەسەرەتا لەسەر (30) منداڵی کور و کچ دواتر جێبەجێکردنی جێگیری پێوانەکە بە ڕێگەی ڕێکخستنی ناوەکی بەهۆی هاوکۆلکەی (الفاکرونباخ) کە هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەرەکە گەیشتە (94٪) ئەمەش نیشانەی جێگیریە و پێوەر شایستەی بەکارهێنانیەتی.

| ژ | بوارەکانی تاقیکردنەوەی زیرەکی | هاوکۆڵکەی جێگیری |
|---|---|---|
| ١ | زانیاری گشتی | ٨٦٥.٠ |
| ٢ | تێگەیشتنی گشتی | ٨٠٣.٠ |
| ٣ | هەژمارکردن | ٨٥٥.٠ |
| ٤ | ووشەکان | ٩١١.٠ |
| ٥ | دووبارەکردنەوەی ژمارەکان | ٧٢١.٠ |

خشتەی ژمارە (٣) رونکردنەوەی جێگیری بۆ تاقیکردنەوەی زیرەکی

**٣-٥ ئامرازە ئامارییەکان**

توێژەران بەکەبەستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی توێژینەوەکە بەرنامەی ئاماری (SPSS)یان بەکارهێنا بۆ لە رێگەی ئامرازەکانی (هاوکۆڵکەی بەیەکەوە بەستنی پێرسۆن، لادانی پێوەری، ناوەندی ژمێرەیی ، الفاکرونباخ ، T.test) گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژنەوەکە و بەدیهێنانی ئامانجەکان.

## بەشی چوارەم: پیشاندانی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنی

### ٤-١ پیشاندانی ئەنجامەکان

لەم بەشەدا توێژەران هەڵسان بە خستنەرووی ئەنجامەکان وگفتوگۆکردن لەسەر دەرئەنجامەکان بەپێی ئەو ئامارەی کە کۆکراوەتەوە و شیکراوەتەوە بە مەبەستی خستنە بەرباسێکی دیاریکراو کە بەردەستکرا بوو لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە و هەروەها تیشک خستنە سەر چوارچێوەی تێوری.

نمرەی سەربەخۆیی و نمرەی زیرەکی لەگەڵ پەیوەندی نێوان زیرەکی و سەربەخۆیی

| بوار و برگەکان | ڕەگەز | کۆی نموونەکە | ناوەند | لادانی پێوەری | کور - کچ | بەهای گریمانە ی بۆ T | بڕیار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری گشتی | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ٠,٦٢٠<br>٢٠,٥٥ | ١,٧٨٤<br>٢,١٦٦ | -<br>٠,٤٨٧ | ٠,٤٠٢ | واتایی<br>نییە |
| تێگەیشتنی گشتی | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ١٦,٤١<br>١٥,١٢ | ٢,٨٣٠<br>٢,٧٧٠ | ١,٢٩١ | ٠,١٣٤ | واتایی<br>نییە |
| هەژمارکردن | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ١٢,٤١<br>١٢,٥٨ | ٠,٥٠٧<br>٠,٧٥١ | -<br>٠,١٦٤ | ٠,٣٦٦ | واتایی<br>نییە |
| ووشەکان | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ٥٤,٨٢<br>٥٤,٩٧ | ٣,٧١٢<br>٥,٣١٢ | -<br>٠,١٤٦ | ٠,٩١٠ | واتایی<br>نییە |
| دووبارەکردنەوەی ژمارەکان | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ٧,٠٦<br>٦,٧٩ | ٢,٠١٥<br>٢,١١٨ | ٠,٢٧١ | ٠,٦٦١ | واتایی<br>نییە |
| پشت بە خۆبەستن | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ٢٨,٤٧<br>٢٨,٤٥ | ٢,٧٦٤<br>٢,٩١٦ | ٠,٠١٦ | ٠,٩٨٥ | واتایی<br>نییە |
| هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ٢٠,٠٦<br>٢١,١٥ | ٢,٦٣٣<br>٢,١٥٢ | -<br>١,٠٩٢ | ٠,١٥١ | واتایی<br>نییە |
| بڕیاردان | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ١٢,٦٥<br>١٣,٦٧ | ٢,٢٩٠<br>١,٥٣٤ | -<br>١,٠٢٠ | ٠,١١١ | واتایی<br>نییە |
| زیرەکی | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ١١٠,٧٦<br>١١٠,٠٠ | ٦,٣٦٩<br>٩,٧١٨ | ٠,٧٦٥ | ٠,٧٤٠ | واتایی<br>نییە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەربەخۆیی | کچ<br>کوڕ | ١٧<br>٢٣ | ٦١,١٨<br>٦٣,٢٧ | ٤,١٤٢<br>٤,٤٦٠ | -<br>٢,٠٩٦ | ٠,١٠٨ | واتایی<br>نییە |

خشتەی ژمارە(٤) ڕوونکردنەوە و پیشاندانی ئەنجامەکان

**٤-٢ گفتوگۆکردنی ئەنجامەکان**

ئامانجی یەکەم: نمرەی سەربەخۆیی لەلای منداڵانی تەمەنی (٤) ساڵی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
لە ئەنجامی ڕوونکردنەوەی ئاماری بۆ ئامانجی یەکەم بۆ زانینی نمرەی سەربەخۆیی لەلای منداڵانی باخچە لە تەمەنی (٤) ساڵی دەرکەوت کەوا منداڵانی ئەم تەمەنە سەربەخۆبوونیان هەیە بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم، وە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەرکەوت کە سەربەخۆیی لەلای منداڵانی کوڕ زیاترە وەکو لەلای منداڵانی کچ بەڵام بە پلەیەکی کەم واتە جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنیوانیان بەدی ناکرێت، وەدەکرێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەم زیاتر سەربەخۆبوونی ڕەگەزی کوڕ بە بەراورد بە ڕەگەزی کچ بە ڕێژەیەکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی مامەڵەکردنی دایک و باوکەکان کەوا زیاتر سەربەخۆیی و ئازادی بە منداڵە کوڕەکانیان دەدەن ئەمە لە لایەک، وە لە لایەکی تر ڕەنگە دەرکەوتنی ڕێژەی زیاتری سەربەخۆیی لەلای کوڕەکان بگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی ڕێژەیەکی زیاتر لە کوڕان بۆ پێوانەکردنی سەربەخۆیی بە شێوەیەک کە ژمارەی کوڕەکان (٢٣) کوڕ بوو بەڵام ژمارەی کچەکان (١٧) کچ بوو کە پێوانەی سەربەخۆییان بۆ کرا.

ئامانجی دووەم: نمرەی زیرەکی لەلای منداڵانی تەمەنی (٤) ساڵی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
لەئەنجامی ڕوونکردنەوەی ئاماری بۆ ئامانجی دووەم بە مەبەستی زانینی نمرەی زیرەکی لەلای منداڵانی تەمەنی (٤) ساڵی دەرکەوت کە نمرەی زیرەکی لەلای منداڵانی ئەم تەمەنە تاڕادەیەک بەرزە، بە شێوەیەک کە هۆی ئەم بەرزی زیرەکییە لەم سەردەمەی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا وە گرنگی دان بە بەرنامەی فێرکاری منداڵان و فراوان بوونی ژینگەی منداڵ لەلایەن دایک و باوک و مامۆستاوە. بەڵام لە نیوان منداڵانی کچ و کوڕدا جیاوازی بەدی دەکرێ لە پلەی زیرەکی کە بە شێوەیەک کە نمرەی زیرەکی لەلای منداڵانی کچ بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ منداڵانی کوڕ بەڵام بە پلەیەکی کەم، لەکاتێک دا کە ژمارەی منداڵانی کچ کە تاقیکردنەوەی زیرەکییان بۆ کراوە کەمترە لە منداڵانی کوڕ بە شێوەیەک کە منداڵانی کچ ژمارەیان (١٧) کچ بوو بەڵام منداڵانی کوڕ ژمارەیان (٢٣) کوڕ بوو، وە بیرو توێژەران وابوو کە هۆی ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ دایک و باوکەکان کە ڕەنگە زیاتر گرنگی بە کچەکان بدەن و بەرنامەی تایبەتیان بۆ ئامادە بکەن و گرنگی بە بواری فێرکاری و کاروباری ڕۆژانە و خوێندنیان بدەن.

ئامانجی سێیەم: پەیوەندی نێوان سەربەخۆیی و زیرەکی بەپێی بەڵگەی ئاماری
لە ئەنجامی دەرکەوتنی هەر یەک لە نمرەی سەربەخۆیی و نمرەی زیرەکی لەلای منداڵانی تەمەنی (٤) ساڵی دەرکەوت کە کە پەیوەندی لە نیوان ئەم دوو گۆڕاوە هەیە بەڵام پەیوەندییەکی زۆر لاوازە بە شێوەیەک کە زیرەکی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر سەربەخۆیی لەلای منداڵانی ئەو تەمەنە.

**٤-٣ ڕاسپاردەکان:**

١ -زیاتر گرنگی دانی دایک و باوکەکان بە منداڵەکانیان بەبێ جیاوازی کردن لە نیوان ڕەگەزی کچ

وکو، وە پێدانی سەربەخۆیی و ئازادی بە منداڵ.
٢ -یارمەتیدانی منداڵ و ئامادەکردنی بەرنامەی فێرکاری بۆ فراوان بوونی بیروهۆش و گەشەکردنی ئەقڵیان.

**٤-٤ پێشنیارەکان:**

١ -پێشنیار بۆ هەر توێژەرێکی ئارەزوومەند بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە پێویستە نموونەی زیاتر وەربگرێت بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆیی و زیرەکی.
٢ -پێشنیار بۆ هەر توێژەرێکی ئارەزوومەند بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە لەگەڵ هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆیی و زیرەکی دەکرێت گۆڕاوێکی تر وەربگرێت وەکو گۆڕاوی شێوازی مامەڵەکردنی دایک و باوکەکان یان هەر گۆڕاوێکی لەم شێوەیە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون بێتەوە کە سەربەخۆیی بە چ گۆڕاوێکەوە کاریگەرە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم // سەرچاوە کوردییەکان**


١ .جەمال، سۆزان. (٢٠٠٦)، سایکۆلۆژیای منداڵ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
٢ .قەرەچەتانی، کەریم شەریف. (٢٠٠٧)، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی حاجی هاشم، چ٢، هەولێر.
٣ .عەلی، شێرزاد فەقێ. (٢٠١٣)، منداڵ لە تەمەنی چوونە قوتابخانەدا، چاپخانەی موکریانی، چ١، هەولێر.
4. کەلهوڕ،نەوزاد.(٢٠١٠)، گەشەکردنی منداڵ، چاپخانەی خانی، چ١، هەولێر.
٥. هاوس، گلین ستین. (٢٠٠٩)، کلیلی پەروەردەی منداڵان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، وەرگێڕانی: عەلی ئەکبەر مەجیدی، چ١، کوردستان.


**دووەم // سەرچاوە عەرەبییەکان**


٦ .بني يونس، محمد محمود. (٢٠٠٥)، سيكولوجية الطفولة المبكرة، المكتبة دار الثقافة، ط١، عمان.
٧ .حريقة، بولا. (٢٠٠١)، موسوعة الاسرة الحديثة، بسيكويديا، الجزء الحادي عشر.
٨ .الحلو، حكمت درو، العكروتي، زريق خليفة. (٢٠٠٤)، مدخل إلى علم النفس، المكتب المصري لتوزيع المطبوعات، القاهرة.
٩ .الدسوقي، كمال. (١٩٨٨)، ذخيرة علوم النفس، دار الفكر العربي، ط١، القاهرة.
١٠ .دافيدون، ليندا. (٢٠٠٠)، موسوعة علم النفس / السلوك الاجتماعي الوراثة، البيئة والروابط الاجتماعية، الدار الدولية للاستثمارات، ط١، مصر.
١١ .الريماوي، محمد عودة. (١٩٩٤)، سايكولوجية الفروق الفردية والجمعية في الحياة النفسية، دار الشروق، ط١، بيروت.

١٢ .السعود، خالد محمد. (٢٠١٠)، مدخل إلى المعايير الفنية الخاصة بتصميم رياض الأطفال، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، ط١، عمان.
١٣ .شلتز، دوان. (١٩٨٣)، نظريات الشخصية، ترجمة: حمد ولي الكربولي، عبدالرحمن القيسي، جامعة بغداد.
١٤ .عليوات، محمد عدنان. (٢٠٠٧)، الذكاء والتنمية لدى أطفالنا، المكتبة الوطنية، عمان
١٥ .عبدالمقصود، حسنية غنيمي. (٢٠٠٥)، دراسات وبحوث في علم نفس الطفل، عالم الكتب، ط١، القاهرة.
١٦ .عيسوي، عبدالرحمن محمد. (١٩٨٥)، القياس والتجريب في علم النفس والتربية، دار المعرفة الجامعية، ط١، الاسكندرية.
١٧ .عدس، محمد عبدالرحيم، مصلح، عدنان عارف. (١٩٩٩)، رياض الأطفال، المطبعة دار الفكر، ط٣، عمان.
١٨ .علام، صلاح الدين محمود. (٢٠٠٠)، القياس والتقويم التربوي، أساسياته وتطبيقاته وتوجيهاته المعاصرة، دار الفكر العربي، القاهرة.
١٩ .عبدالخالق، احمد (١٩٨٥)، الاختبارات الشخصية، دار المعرفة الجامعية، ط٢، القاهرة.
٢٠ .القوصي، عبدالعزيز. (١٩٨١)، أسس الصحة النفسية، المكتبة النهضة العربية، القاهرة.
٢١ .كونجر، جون، موسن، كيجان، جيروم. (١٩٨٦)، أسس سايكولوجية الطفولة والمراهقة، ترجمة: احمد عبدالعزيز، ط١، الكويت.
٢٢ .الالوسي، جمال حسين وخان، أميمة علي. (١٩٨٣)، علم نفس الطفولة والمراهقة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد.
٢٣ .ميخائيل، مطانيوس. (١٩٧٧)، اختبارات الذكاء والشخصية، منشورات جامعة دمشق، دمشق.
٢٤ .محمد، جاسم محمد. (٢٠٠٤)، النمو والطفولة في رياض الأطفال، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ط١، عمان..
٢٥ .نوفل، محمد بكر. (٢٠٠٧)، الذكاء المتعددة في غرفة الصف، المكتبة دار المسيرة، ط١، عمان.
٢٦ .نشواتي، عبدالمجيد. (٢٠١١)، علم النفس التربوي، ط١، الأردن.
٢٧ .هيئة رعاية الطفولة. (١٩٨٩)، انشطة وطموحات، الجزء الثاني، دار الحرية للطباعة والنشر، بغداد.

**سێیەم // سەرچاوە بیانییەکان**

28. Charles, E. (2002) Ethical decision Making. University of New York: Albany.
29.Good, G, V. (1973). Dictionary of English, M C Graw Hill: New York.
30.karnas, F. A & Wherry. J. N. (1983. CPO Personality Assessment. Vol 47 No. 30.

**چوارەم // سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**

31.http://investigate-islam.com

List of sources

First // Kurdish Sources

1. Jamal, Suzanne. (2006), Child Psychology, General Directorate of Publishing, Sulaimani.
2. Karachetani, Karim Sharif. (2007), General Psychology, Haji Hashim Printing House, Vol. 2, Erbil.
3. Ali, Sherzad Faqe. (2013), Children at School Age, Mukriani Printing House, Vol. 1, Erbil.
4. Kalhor, Nawzad (2010), Child Development, Khani Printing House, Vol. 1, Erbil.
5. House, Glyn Stein. (2009), Key to Children's Education, Sardam Publishing House, translated by Ali Akbar Majidi, vol. 1, Kurdistan.

Second // Arabic sources

6. Bani Yunus, Muhammad Mahmoud. (2005), Psychology of the Mind Child, Al-Maktabah Dar Al-Thaqafah, Vol. 1, Oman.
7. fire, bulla. (2001), Encyclopedia of Asra al-Haditha, Basiquidia, Part Eleven.
8. Al-Halo, Hikmat Dro, Al-Akroti, Zariq Khalifa. (2004), Introduction to Psychology, Egyptian Publishing House, Cairo.
9. Al-Dusuqi, Kamal. (1988), Repository of Psychological Sciences, Dar al-Fakr al-Arabiya, Vol. 1, Cairo.
10. Dafydon, Linda. (2000), Encyclopedia of Psychology / Social Behavior Heritage, Environment and Social Relations, International Investment House, Vol. 1, Egypt.
11. Al-Rimawi, Mohammed Ouda. (1994), Psychology of Individual and Collective Differences in Mental Life, Dar al-Shorouq, Vol. 1, Beirut.
12. Al-Saud, Khalid Mohammed. (2010), Introduction to Special Technical Standards in Children's Sports Design, Arab Society Publishing and Distribution Library, Volume 1, Oman.
13. Schultz, Duane. (1983), Personality Theories, translated by Hamad Wali al-Karbuli, Abdul Rahman al-Qaisi, Baghdad University.
14. Aliwat, Mohammed Adnan. (2007), Zakah and Development for Our Children, National Library, Oman
15. Abdul Maqsood, Hassania Ghanimi. (2005), Studies and Research in Child Psychology, Book World, Vol. 1, Cairo.
16. Isawi, Abdul Rahman Mohammed. (1985), Measurement and Experimentation in Psychology and Education, University of Knowledge, Vol. 1, Alexandria.

17. Lentils, Mohammed Abdul Rahim, Musleh, Adnan Arif. (1999), Riyadh Al-Atfal, Dar Al-Fakr Publishing House, Volume 3, Oman.
18. Allam, Salahuddin Mahmoud. (2000), Educational Measurement and Calendar, Basics, Applications and Contemporary Directions, Dar al-Fakr al-Arabiya, Cairo.
19. Abdulkhaliq, Ahmed (1985), Personal Examinations, Dar al-Ma'arifah al-Jamiyya, Vol. 2, Cairo.
20. Al-Qusi, Abdul Aziz. (1981), Foundations of Mental Health, Arab Renaissance Library, Cairo.
21. Conger, June, Mussen, Kejan, Jerome. (1986), Foundations of Child and Adolescent Psychology, translated by Ahmed Abdul Aziz, Vol. 1, Kuwait.
22. Al-Alusi, Jamal Hussein and Khan, Amimah Ali. (1983), Child and Adolescent Psychology, Ministry of Higher Education and Scientific Research, Baghdad University.
23. Michael, Metanius. (1977), Experiments of Zakah and Personality, Damascus University Publications, Damascus.
24. Mohammed, Jassim Mohammed. (2004), Development and childhood in children's sports, Dar al-Thaqafah for Publishing and Distribution, Volume 1, Oman.
25. Nofal, Mohammed Bakr. (2007), Multiple Zakat in Gharfa Al-Saf, Dar Al-Masirah Printing House, Vol.1, Oman.
26. Nishwati, Abdul Majid. (2011), Educational Psychology, Vol. 1, Jordan.
27. Child Protection Agency. (1989), Innovation and Ambitions, Part II, Dar Al-Hurriya Printing and Publishing House, Baghdad.

Third // Foreign sources

28. Charles, E. (2002) Ethical Decision Making. University of New York : Albany.
1. .Good, G, V. (1973). Dictionary of English, MC Graw Hill: New York.
2. .carnace, FA & Wherry. J. N. (1983. CPO Personality Assessment. Vol 47 No. 30.(

Fourth // Electronic resources

1. .http://investigate-islam.com